لە ڕۆژی دڵاندا

# کۆنتراکتی خۆشەویستی

حەمەسەعید حەسەن

ددانی پێدا دەنێم کە لە یەکەم بینینەوە، تۆم خۆش ویستووە و پەیمانیش دەدەم تا بۆ دوا جار پێڵوو لێک دەنێم، هەر خۆشم بوێیت. بەڵێن دەدەم، بەڵێنی ئەویندارێکی ڕاستگۆ:

* هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییەکانت بم و هەر چیم لە پێناوی خۆشی تۆدا پێ بکرێت، دریغی نەکەم.

* هەست بە پێویستییەکانت بکەم و ئەوپەڕی توانای خۆم بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت بخەمە گەڕ.

* متمانەم پێت هەبێت، هیچت لێ نەشارمەوە، بە ڕاشکاوییەوە پێت بڵێم، هەست بە چی دەکەم و بیر لە چی دەکەمەوە.

* دڵت زویر نەکەم و هیچ کاتێک لە گوڵ کاڵترت پێ نەڵێم.

* گەر دڵت لێم ئێشا، بۆ ئاشتکردنەوەت، هانا بۆ قسەی شیرین ببەم.

* ئەوینت فراوانترین ڕووبەر لە وڵاتی ژیانم داگیر بکات و بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستیمان، ئامادە بم، قوربانی بە گیانی خۆم بدەم و لە هیچ هەلومەرجێکدا ناپاکی لە پێوەندیی پیرۆزی نێوانمان نەکەم.

* تۆ تاقە شاژنی سەر تەختی دڵم بیت و دەرگەی ماڵی دڵم لە هیچ ئافرەتێکی دیکە نەکەمەوە.

بەبێ هیچ گوشارێک، بە ویستی خۆم و بە تەواوی هۆشیارییەوە، ئەم پەیامەم نووسیوە.